

### عەبدولکەریم عیزەت

### بەرپرسی حیزبی ئیسلامی لە کەرکوك

# قەزییەی کوردی قەزییەیەکی عادیلانەیە، بەڵام پارێزەرەکانی فاشیلن

دیداری سۆران مامەحەمە

فۆتۆ : سۆران

**● حیزبی ئیسلامیی عێراقی کە حیزبێکی سوننیە، خاوەن قاعیدەیەکی جەماوەریی بەرفراوانە لەنێو تایەفەی سوننیداو لە زۆر کاتدا ئاڕاستەکەری شەقامی سوننی بووە لە چرکەساتە هەستیارەکاندا پاش داگیرکردنی عێراق لەلایەن هێزە فرەڕەگەزەکانەوە. ئەم حیزبە کە تێڕوانینێکی ئیسلامیی هەیەو بەشێوەیەکی گشتی گوتاری حیزبییان کار لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات‌و لەلایەن زۆرێك لە هێزە عێراقییەکانی ترەوە بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە تێڕوانینێکی نەتەوەیی شۆڤێنییانەیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە عێراقدا.**

**(لڤین) عەبدولکەریم عیزەت-ی بەرپرسی مەڵبەندی کەرکوکی حیزبی ئیسلامیی دواند، تا لەسەر چەند پرسێکی هەستیارو چارەنووسساز گفتوگۆی لەگەڵدا بکات. عیزەت کوردێکی دانیشتووی کەرکوکەو پێشتر لە کوردستان بووەو بە وتەی خۆی لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکانی کوردستاندا پەیوەندییەکی پتەوی هەبووە.**

**لڤین: وەکو حیزبێکی دیار لە عێراق‌و شاری کەرکوکدا، چۆن دەڕواننە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ای دەستور؟**

**عەبدولکەریم عیزەت:** ڕوانینی ئێمە بۆ مەسەلەی کەرکوك‌و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لە کەرکوکدا، چەند گۆشەنیگایەکی هەیە، یەکەمجار دەڵێین کەرکوك بەپێی تێڕوانینی مێژوویی چارەسەرناکرێت، مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر بێتو هەر نەتەوەیەك لە کەرکوك وەرگرین، لەوانەیە مەلەفێکی بەڵگەنامەیی چاکی هەبێت‌و بڵێت کەرکوك هیی منە، بۆ نموونە؛ کورد دەڵێت کەرکوك کوردستانییە، مێژووی هەیەو بەڵگەنامەی ڕەسمی هەیە، بەهەمانشێوە تورکمانیش وادەڵێت، عەرەبیش وادەڵێت. ئەگەر بێین تەماشای پێش مێژوو بکەین، کەرکوك هیی ئاشوورییەکان بووەو هەر لە بنەڕەتیشدا ناوی ئاشوور بووە (وەك باسیدەکەن) ئێمە لەم خاڵەوە دەڵێین بە تێڕوانینی مێژوویی کێشەی کەرکوك چارەسەر نابێت، هەروەها لایەنێکی واش نییە کە بتوانێت هەر سێ لایەنەکە ڕازیبکات کە بەپێی مێژوو لێکیبداتەوە کە ئەم پارێزگایە سەر بە کوێیە.

دووەم خاڵ؛ با بێینە سەر ماددەی ١٤٠، ئێمە چەند تێبینییەکمان لەسەر ئەم ماددەیە هەیە، نەوەك ئەم ماددەیە، بەڵکو بەگشتی لەسەر دەستوور تێبینیمان هەیە، من وەکو حیزبی ئیسلامیی بەشێوەیەکی گشتی قسەدەکەم، ئەم دەستوورە لە کاتی داگیرکەردا نووسراوەو پەستانێکی زۆری ئەوانی لەسەربوو کە کاتێکی دیاریکراویان بۆی دانا، لە کاتی خۆشیدا چەندینجار ڕەخنەمان لێگرتووە کە بۆچی ماوەیەکی درێژتری نادرێتێ، بۆچی وا بەکتوپڕی تەواوبێت؟ بەبڕوای ئێمە هیچ شتێك‌و هیچ مێژوویەك موقەدەس نییە، بۆچی دەبێت هەر لەو کاتەدا بێت کە بریمەرو هێزی ئەمریکا بۆیان داناوە؟ چەند لایەنێکی سیاسییش بەشداری نووسینەوەی ئەم دەستوورە نەبوون، بۆ نموونە؛ ئێمە وەکو حیزبی ئیسلامیی بەشدار نەبووین، دواتر ٢٥ کەسیان هەڵبژاردو ناویان

نا هێزی ئامادەنەبوو(القوة المغيبة)و چوونە ناو لیژنەی نووسینی دەستوورەوەو بۆچوونەکانیان زۆر ڕێپێدراو نەبوو، بۆیە نەیانتوانی شتێکی ئەوتۆ پێشکەشبکەن، هەرچۆن بێت دەستوورەکە نووسرایەوەو هاتە سەر دەنگدانو ئێمە دەنگمان بەم دەستوورە نەدا، لەبەرئەوەی چەند کێشەیەکی تێدایەو روونمان کردووەتەوەو ئێستاش هەرماوە، بەڵام لەبەرئەوەی کێشەی عێراق گەورەترنەبێت، ئێمە مەرجێکی دیکەمان هەبوو؛ کە ئەویش زیادکردنی ماددەی ١٤٢ بوو بۆ دەستوور، کە بەپێی ئەو ماددەیە دەبێت ئەم دەستوورە سەرلەنوێ پێداچوونەوەو گۆڕانکاریی تێدا بکرێت، ئەوەبوو دواتر دەنگمان بەم دەستوورە دا. ئێستا نەك ماددەی ١٤٠، ماددەکانی دیکەش چاکسازیی تێدا نەکراوەو گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، وابزانم هەر هەنگاوێك بنرێت بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠و بەندەکانی تری دەستوور، لەوانەیە کێشەی دیکەی لێبکەوێتەوە، چونکە ئەگەر ئەم ماددانە بگۆڕدرێن، چ وەڵامێکی خەڵك بدەینەوە، ئێمە حیزبی ئیسلامی وەکو دەڵێن بەدڵو بەگیان لەگەڵ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠داین، چونکە دەزانین بە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە کوردو تورکمانو هەتا هەندێك لایەنی عەرەبیش مافیان دەستدەکەوێت، بۆیە بەگشتگیری تەماشای ماددەکە دەکەین، دەڵێین ماددەیەکی چاکە، بەڵام ئەم ماددەیە کەی جێبەجێدەکرێت؟! ئێستا جێبەجێدەکرێت؟ ئەگەر لە ئێستادا جێبەجێبکرێت، وابزانم کێشەکانی کەرکوك زیاتردەکات، لەو رۆژەوەی ئەم چوار بڕیارەی لیژنەی ماددەی ١٤٠ دەرچووە، تەقینەوەو کوشتنو بڕینو تیرۆر لەناو کەرکوکدا زیادیکردووە، ئەوانەی دەکوژرێن، بەداخەوە دەیڵێم کوردو تورکمانو عەرەبی هەژاری ئەم میللەتەی خۆمانن. ئەگەر هاتوو لەم رۆژەدا ماددەکە جێبەجێبکەین، وابزانم کێشەکە گەورەتردەبێت. ئەگەر ئەو ماددەیە تۆزێك دوابخەین، هەتا چەند مانگێکیش بێت، با ٦ مانگ یان ٨ مانگ دوای کۆتایی ٢٠٠٧یش بێت، چ زەرەرێك دەکەین؟ ئەگەر هاتوو ئەو کاتە زیاتر لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کۆببوونەوە بکەینو لەگەڵیاندا دانیشین.

خۆی لە راستیشدا جێبەجێنەکردنی ئەم ماددەیە، یەکەمجار هەڵەی حیزبە کوردییەکانە، نەك حیزبە عەرەبیو تورکمانییەکان، چونکە حیزبە کوردییەکان لە کەرکوك وەکو حکومەت هەڵسوکەوت دەکەن، (هەرچەندە خۆیان حکومەتن)و ئەوانی دیکە پەراوێز دەکەن، گوێ لەوانی دیکە ناگرن، رۆژێك لە رۆژان بیستت حیزبە کوردییەکان کۆبوونەوەیەك لەگەڵ گشت پارتەکانی کەرکوك بکەنو تێڕوانینی خۆیان باسبکەن؟! رۆژێك لە رۆژان بیستت کۆنگرەیەك ببەستنو لەگەڵ گشت هێزەکانی کەرکوکدا، کێشەی کەرکوك باسبکەن؟! رۆژێك لە رۆژان بیستت پارتە کوردییەکان لەگەڵ پارتە عەرەبیو تورکمانییەکان دانیشنو بڵێن وامان بەسەرهاتووە؟! دیارە ئەوانە نەکراوە. ئەمە بۆچوونی شەخسیی خۆمە، دەتوانم بڵێم یەکەم کێشە لە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە لە دەستی پارتە کوردییەکاندایە، بەداخەوە ئەم قسەیەش دەکەم، وەکو کوردێك باسیدەکەم، هەرچەندە من لەو پارتانە نیمو لە حیزبی ئیسلامییم، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەوان کوردنو منیش کوردم، بۆیە زۆر پێمناخۆشە ئەوان وادەکەن، بۆ نموونە؛ ئێمە چەندینجار چووینەتە پێشەوەو هەمیشەش ئەوان خۆیان دوورگرتووە لێمان، لە کاتێکدا ئێمە لە حکومەتداینو جێگری سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران لە ئێمەیە، باشە ئەمان لەگەڵ ئێمە وادەکەن، دەبێت لەگەڵ پارتە تورکمانیو عەرەبییەکانی دیکەدا چی بکەن؟!

**لڤین: هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

**عەبدولکەریم عیزەت:** بەداخەوە.. دەڵێم کێشەی کورد، کێشەیەکی زۆر عادیلە، بەڵام پارێزەرەکانی، پارێزەرانێکی فاشیلن! ئەوانە کە دەبینە پێش حاکم، ئاساییە کە حاکمەکە حوکم بۆ ئەوان نادات، چونکە بەشێوەیەکی جوان نایخەنە روو، ئەگەر بهاتایە، پارتە کوردییەکان هاوکاریی لەگەڵ حیزبی ئیسلامی عێراقی بکردایە، رەوشەکەش بە جۆرێکی تر دەبوو، بۆیە دەڵێم (ئێمە)، لەبەرئەوەی ئێمە تەنها حیزبێکین لە کەرکوك کە پرۆژەیەکی تایبەتمان نییە، پرۆژەی ئێمە، ئیسلامییو عێراقییە، پارتە کوردییەکان، پرۆژەی کوردییان هەیە، پارتە تورکمانییەکان، پرۆژەی تورکمانییان هەیە، پارتە عەرەبییەکانیش بەهەمانشێوە پرۆژەی عەرەبییان هەیە، تەنها ئێمە نەبێت کە ئەڵقەی پەیوەندیین(حلقة الوصل)، چونکە پێغەمبەری نازدارمان قاعیدەیەکی بۆمان داناوەو فێریکردووین کە دەڵێت: "أعطى كل حق حقه"، ئەو هەقەی هیی کورد بێت دەیدەینێ، هیی تورکمانو عەرەب بێت، هەتا هی مەسیحو ئێزدییش بێت، دەیاندەینێ، لەبەرئەوەی فەرزێکی دینییو نیشتیمانییە لەسەرمان، باوەڕناکەم ئەوانی تر بەمشێوەیە پرۆژەیان هەبێت، هەرکەسە دەیەوێت پرۆژەو بەرژەوەندیی خۆی جێبەجێبکاتو ئەوانی دیکە دووربخاتەوە، لە کاتی خۆیدا ئێمە وتمان کەرکوك بۆمبێکی چێنراوە، وەك چۆن راپۆرتی بیکەر-هاملتن وتی بەرمیلە بارووتەو زانیمان کێشەی کەرکوك گەورەتردەبێت.

**لڤین: پەیوەندیی ئێوە لەگەڵ پارتە کوردستانییەکاندا لە کەرکوک چۆنە؟**

**عەبدولکەریم عیزەت:** ئێمە هەر لە کۆنگرەی لەندەنەوە، دانمان بەوەدا ناوە کە کێشەی کورد عادیلانەیەو زوڵمی لێکراوەو ئیمزامان کردووە کە دەبێت کورد مافی خۆی وەربگرێت، دوای رووخاندنی رژێم لە کەرکوك، بۆ کرانەوەی پەیوەندییەکان چەند جارێك سەردانی برادەرانی یەکێتییو پارتیمان کرد، بەڵام تا ئێستا هیچ هەنگاوێکمان لەوانەوە نەبینی بەرەو ئێمە، بەتایبەتی یەکێتیی نیشتیمانی، لەوانەیە لە پەیوەندییدا لە پارتی نزیکتر بین نەك باشتر بین. پێش سێ مانگێك بەر لە ئێستاش چووم بۆ لایانو وتم ئەگەر جیاوازیی فیکرییمان هەیە، مادام ئێستا ئێمە

# "ئێمە لە کۆنگرەی لەندەنەوە دانمان بە کێشەی کورددا ناوە، بەڵام هەتا ئێستا هەنگاوێکمان لە لایەنی ئەوانەوە نەبینی بەرەو ئێمە"

لەناو شارەکەداینو قورساییمان هەیەو قورساییتان هەیە، با لەبەر خاتری شارەکە پەیوەندییمان هەبێت.

**لڤین: ئێوە وەکو حیزبی ئیسلامیی عێراقی، تا چەند لەگەڵ گەڕانەوەی کەرکوکن بۆ سەر هەرێمی کوردستان؟**

**عەبدولکەریم عیزەت:** وەکو وتم، ئەم مەسەلەیە ماددەیەکی دەستوورییە، بەپێی دەستووریش یەکەمجار ئاساییکردنەوە، دووەمجار سەرژمێرییو ئینجا راپرسی دەکرێت، ئێمە لەگەڵ دانیشتوواندایین، ئەگەر دانیشتووانی کەرکوك وتیان ئەم شارە کوردستانییە، ئێمە سەد لە سەد لەگەڵیدا دەبین، چونکە ئەو رۆژە نەما سازش بکەینو زوڵمان لێبکرێتو بە غەدر بڵێین ئەم پارێزگایە سەر بە فلان شارە، چاوەڕێی میللەت دەکەین، گەر دانیشتووانی کەرکوك ئیعتیراف بکەنو بڵێن کەرکوك کوردستانیی نییە، ئێمەش لەگەڵیاندا دەڵێین کوردستانیی نییە، هەرچەندە لە دڵەوە وەکو هەموو کوردێك حەزدەکەین کوردستانیی بێت، بەڵام ئێمە لەگەڵ بۆچوونی خەڵکی شارەکەداین.

**لڤین: ئێوە چۆن دەڕواننە فیدراڵیی هەرێمی کوردستان، زۆرێک وا بیردەکەنەوە ئەگەر کەرکوک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، کورد سەربەخۆیی وەردەگرێت، ئەی ئێوە چی دەڵێن؟**

**عەبدولکەریم عیزەت:** باوەڕناکەم ئەو بۆچوونە راست بێت، ئێستا دەستوور هەیە، دەستوور حوکمی پێدەکرێت، ئێمە لەگەڵ فیدراڵیین، لەگەڵ فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستانیین، بەڵام با راشکاو بین، ئێمە لەگەڵ فیدراڵیی باشووردا نیین، چونکە فیدراڵیی کوردستان هەر هەبووە، ئەگەر لە رووی مێژووییشەوە تەماشایبکەین، لە کاتی سەدامیشدا هەر هەبووە، کوردان مافی خۆیانەو ١٠-١٢ ساڵیش زیاترە جیابوونەتەوەو حوکمی خۆیان بەجوانی دەکەنو خۆیان بەجوانی دەبەن بەڕێوە، بۆ ئێستا ئێمە لێیان بسێنینەوە؟ کێشەمان نییە لەگەڵ فیدراڵیی کوردستاندا، بەڵام لەگەڵ فیدراڵیی باشوور نیین، لەبەرئەوەی دەزانین هەندێك پرۆژەی دەرەوەی عێراقو هەرێمایەتی هەیە، لەوێ ئیشدەکات، فیدراڵیی کوردستان عێراق یەکدەخات، فیدراڵیی باشوور عێراق دابەشدەکات، چونکە کوردستان لەوانەیە بەبێ عێراق نەتوانێت زۆر سەرکەوتووبێت، بەڵام باشوور دەتوانێت، لەبەرئەوەی هەندێك وڵاتی ناوچەکە هەیە یارمەتیدەدەن، لەوانەیە زیاتر عێراق بەرەو دابەشبوون ببات.

**لڤین: هەندێک جار بەوە تۆمەتبار دەکرێن، کە ئێوە لایەنگرانی عەرەبی خۆتان دەهێنن بۆ کەرکوک، ئەمەش دژی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ە، بۆ نموونە؛ رەوشی بەغداد خراپەو لێرەش ناهێڵن عەرەب بێتە کەرکوکەوە، ئێوە پشتگیرییان دەکەنو دەیانهێنن نیشتەجێیان دەکەن، ئەمە تا چەند راستە؟**

**عەبدولکەریم عیزەت:** بەپێچەوانەوە؛ باشە ئەوەی دەڕوات لە هەولێرو سلێمانی دادەنیشێت، کاریگەریی هەیە لەسەر کوردستان، بەپێچەوانەوە؛ دەڵێم کوردستان نابێتە کوردستان، ئەگەر دەرگا نەکاتەوە لەو مەزڵومانەی کە ئێستا زوڵمیان لێدەکرێت لە بەغدادو ناوچەکانی ناوەڕاست، ئەگەر کوردستان وا بیربکاتەوە کە تەنها بۆ خۆی بێت، ئیتر جیاوازیی ئێمەو رژێمی رابردوو هیچ نییە، کورد زوڵمێکی زۆری چەشتووەو دەربەدەرییو ئەنفالی بینی، پێویستە ئێمە زیاتر لە نەتەوەکانی دیکە، سنگمان فراوانبکەینو خزمەتیان بکەینو بۆیان باسبکەین کە ئێمە وەکو ئەوان نیین، میللەتی کورد دەروونی تۆڵەسەندنەوەی نییە، ئەگەر دەروونی تۆڵەسەندنەوەی هەبێت، دەڵێین مەیەنە ئێرە، دووەم خاڵ؛ ئەوانەی دێنە کەرکوك دادەنیشن، خۆ نەهاتوون بۆ راپرسی، ئەوانە رایانکردووە لەو کوشتارگەو کێشانەی لەناو بەغدادو دەوروبەری هەیە، کە بێن لێرە دانیشن بەشێوەیەکی کاتی، ئێمە ئیشەکەیان دەکەین بە قانونی، بۆ ئەوەی سبەیو دووسبەی ئەوانەی هاتوون، نەتوانن لێرە بمێننەوە، نووسراویان بۆ دەکەینو دەینێرین بۆ پارێزگاو بەڵگەنامەکانیان لێوەردەگرینو دەیدەین بە پارێزگاو دەڵێین ئەمانە هاتوون، بەکاتی لێرە دانیشنو دەگەڕێنەوە.

**لڤین: ئەمە دژی دەستوورو جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ نییە، لە کاتێکدا حکومەت دەیەوێت عەرەب بگەڕێنێتەوە، کەچی عەرەب دێت لێرە دادەنیشێت؟**

**عەبدولکەریم عیزەت:** ئەم لە ئاگری ئیرهابو شەڕی تائیفی رایکردووە، نەهاتووە هەتاهەتایە لە کەرکوك بمێنێتەوە، ئەگەر وایە، ئەی بۆچی سوریاو ئەردەن دەرگایان لێدەکەنەوە؟! ئەی هەولێرو سلێمانی بۆچی دەرگایان لێدەکەنەوە؟!.

**لڤین: کە وابێت ئێوە هاوکاریی ئەو عەرەبانە دەکەن، بەڵام دەبێت دوایی بگەڕێنەوە؟**

**عەبدولکەریم عیزەت:** هاوکاریی عەرەب ناکەین، هاوکاریی هەموو مەزڵومێكو دەربەدەرێكو راکردوویەك دەکەین، گەر بێنە لامان خزمەتیان دەکەین، ئێمە لەگەڵ ئەوە نیین عەرەب بێتە ناو کەرکوکەوەو لە کەرکوك بمێنێتەوە، لەبەرئەوە خزمەتیان دەکەین، یەکەم؛ ئێمە موسڵمانین، دووەم؛ ئێمە کوردین، کوردیش ئەم شتەی بینی، ئێمە چەندینجار رامانکردووە بۆ ئێران، هەر بەو چاوە تەماشایدەکەین، نەك بەو چاوەی ئەمانە دێن دژی ماددەی ١٤٠ کاربکەن، ئەوە شتێکی ترەو یاساو رێسای تێدایە.